دارایی: فەرمانبەر لەگەڵ گەیشتن بە تەمەنی 60 ساڵی و کۆتایی ساڵ خانەنشین دەبێت

وەزارەتی دارایی عێراق ڕونکردنەوەیەکی لەبارەی تەمەنی خانەنشینی بڕاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بۆکردوە، فەرمانبەر دەبێت لەگەڵ گەیشتن بە تەمەنی 60 ساڵی و کۆتایی ساڵ خانەنشین ببێت، نەک یەکەم ڕۆژی و بەبێ گوێدانە ساڵەکانی خزمەتکەی.

وەزارەتی دارایی، ئەمڕۆ چوارشەممە لە نوسراوێکی فەرمیدا بڵاویکردەوە، "بەرچاوگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی پرسیار کە بە وەزارەتەکە گەیشتوە، سەبارەت بە تەمەنی یاسایی خانەنشینی بڕگەی مادەی (10/یەکەم)ی یاسای خانەنشینی یەکگرتو ژمارە (9)ی ساڵی 2014 کە بەیاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2019 هەموار کراوەتەوە، دەمانەوێت ئەوە ڕون بکەینەوە کە فەرمانبەران لە تەمەنی 60 ساڵی ڕۆژانی خانەنشینی دەکرێت".

وەزارەتەکە پشتڕاستی کردەوە، "تەمەنی یاساییەکان بە خانەنشینی بەبێ گوێدانە ماوەی خزمەتکردنی فەرمانبەرەکەیە و دوای تەواوکردنی 60 ساڵ خانەنشین دەبێت، ئەوەش لەکاتێکدایە کە 60 ساڵی تەواو بکات نێك لە یەکەم ڕۆژیدا بێت".